www.kurdistannet.org
13-2-2007 21:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەناڵی ئاسمانی جەزیرە کوردەکانی وڵاتی ئیسپانیا بەسەر دەکاتەوە ... هەژار شوانی




شەوی 4 -5 /2006/1 لەهەڵوێستێکی پێچەوانەی هەڵوێستەکانی تریدا کەناڵی ئەل جەزیرەی قەتەری کوردەکانی دانیشتوی ئەوروپای بەسەر کردەوە بەتاسەت ئەوکوردانەی کەدانیشتووی وڵاتی ئیسپانیان، جەزیرە لەماوەی ڕابردوودا بەتایبەت و لەکاتی پرۆسەی ئازادی عیراق و دوای ئەو پرۆسەیە، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕووبەڕووی نارەزاییەکی زۆر بۆیەوە، بەشێوەیەکی کەکار گەیشتە ئەوەی سەرکردەکانی کوردو پەیامنێرو نێردراوی جەزیرە لەنێو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکان و کۆنگرەو کۆبونەوەکانیاندا دەردەکردە دەرەوە، ئەمەش لەبەرامبەر ئەوەی کەناڵی ئەلجەزیرە لەکاتی پرۆسەی ئازادی عیراقدا هەڵوێستێکی زۆر شۆفێنیانەی نوادندو ەئاشکرا پشتگیری لەبەعس و دەسەڵاتەکەی دەکرد، دیارە ئەم هەڵوێستەی ئەلجەزیرە لەوسۆنگەیەوە دێت ئەوکەناڵە کەناڵێکی نەتەوەیی عەرەبییەو خۆی بەهەڵگری فیکری عەرەبچێتی دەزانێ و عەقڵیەتی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە، عێراقێك یان هەر هەروڵاتێکی تری عەرەبی ئەوە قبوڵ ڕەنگە نەکردبێت لەوکاتەدا بەدەستی ئەمریکا ڕژێمێکی بڕوخێت کەپاڵپشتێکی گەورەی ماددی ئەو کەناڵەبوو، دوابەدوای ئەوەش جگە لەتەراتێنی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا کەئەوان چاویان بەوجۆرە کردەوانە هەڵنایەت و بەچاوێکی دوچمنکارانەوە لێی دەڕوانن و بەداگیرکاری سەر کەرامەتی خۆیانی دەزانن، جەگە لەمەش لەوعێراقەدا کەسانێك ملی ڕێگا بگرنەبەر بەرەو کورسیەکانی دەسەڵات بڕوایان بەعروبەی عیراق نەبێت، ئەو وڵاتە بەرەو دارمانی بەرگی عەرەبی دابڕێن لەجیهانی عەرەب، بێگومان هەرئەوە هەڵوێستی کەناڵێکی گەورەی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی عەرەبی دەبێت، باوەڕناکرێت جگە لەپرسی عیراق و پەیوەندی کوردستانی باشوور، بەعیراقی عەرەبی و جیهانی عەرەبییەوە، ئەلجەزیرە هیچ حەقدێك بەرامبەر کورد بەشێوەی خراپ لای بوایە، بەڵام ویستی کورد لەعیراق کەجیابونەوەو دابەشبونی عیراقی لێدێت، وادەکات کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کەهەڵگری پەیامێکی نەتەوەییە زمانی خراپ بەرامبەر بەگەلی کورد وابزوێ، جەزیرە بەدامەزراندنی لەساڵی 1996 گۆڕانکارییەکی گەورەی لەڕاگەیاندنی عەرەبیدا دروست کردو سەردەمی نوێی ڕاگەیاندنی عەرەبی دەکرێ بڵێین لەجەزیرەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەمە لەوانەیە سەددەرسەد وانەبێ، چونکە ڕەگ و ڕیشەی ڕاگەیاندن لەنێو جیهانی عەرەبیدا زۆر دوورەو ناکرێ لێرەدا بەش بەبەش شی بکرێتەوە، بەڵام دەرکێ بڵ]چین جەزیرە خاوەنی پێگەیەکی گەورەو سەردەمەیەکی تایبەتە لەنێوجیهانی ڕاگەیاندنی عەرەبیدا، بەر لەڕوخانی یەددام جەزیرە فەلەستینی کردبووە چەقی سەرەکی هەواڵەکانی و فەلەستین بەشێکی گەورەی بەشێکی گەورەی لەپانتایی هەواڵ و بەرنامەی جەزیرە بردبوو، ئەمەش لەدو ڕووەوە یەکەم بەوپێیەی جەزیرە کەناڵێکی ڕاگەیاندنەو حەقیقەت دەگوازێتەوە، دووەم لەپاڵ گواستنەوەی ڕووداوەکان دا پەیامی نەتەوەیی و نەتوە پەرستی خۆی بەیان دەکات، بەڵام دوای ڕووخانی یەددام
عێراق بەخۆیی و ڕوداوەکانیەوە شوێنی بەفەلەستین لەق کردو بەشێوەیەکی فراوانتر پانتایی هەواڵ و بەرنامەکانی جەزیرەی لەئامێزگرت، ئەو هێرشانەی کەبەرهەمی پەیامی نەتەوە پەرستی جەزیرەن و دەکرانە سەر ئیسرائل لەفەلەستین، لەعیراق بەرئەمریکا کەوتن، کوردیش بەوپێیەی لەمەیدانەکەدا بوو بەشێکی زۆری بەرکەوت و بەوهۆیەشەوە هەستی شەقامی کوردی و ڕوناکبیرانی کورد بریندرابوو بەدەستی جەزیرە لەڕووە نەتەوەییەکەوە، من نازانمن ئەتوانم ماف بدەمە جەزیرە یان نا؟ ئەمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تائێستا پرسیارە لای خۆم ماوەتەوە، لەهەڵوێستێکی پێچەوانەی هەڵوێستەکانی تری جەزیرەدا ئەو کەناڵە کوردەکانی وڵاتی ئیسپانیای بەسەرکردەوە بەتایبەت ئەوانەی خەڵکی کوردستانی تورکیاو سوریان، ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەبوو جەزیرە زۆر بەووردی و خەمخۆری لەگەڵیان دەدواو لەکێشەو گرفتەکانیانیانی دەکۆڵیەوە، لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە جەزیرە هەموو ئەوهێرش و نارەزاییانەی کوردەکانی بڵاودەکردەوە کەدەیان کردە سەر حکومەتەکانی تورکیاو سوریا، بەتایبەت سوریا کە وڵاتێکی عەرەبییە، بۆیە دەکرێ بڵێین جەزیرە لەوانەیە باوەڕی بەحەقیقەت هێنابێ و ئیتر بەرگی نەتەوە پەرستی لەبەر داماڵێ و بەپەیامی فرەیی و باوەڕبوون بەمافی ڕاستەقینەوە بێتە مەیدانی ڕاگەیاندن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.